ئەکادیمیای زمان
١ -١

# ڕێزمانی بنچینەیی کوردیی

دکتۆر کەمال میراودەلی

سەرەتایەک بۆ زمانناسیی ،
دەنگناسیی ، دەنگسازیی ، وشەسازیی ،
وشەناسیی ، ڕستەسازیی

بەرگی یەکەم

سەرەتایەک بۆ زمانناسیی و زمانی کوردیی

ئەکادیمیای خانی
لەندەن 2014

بەشی دووەم

## سروشت و سیمانتیکی زمان بە ئاماژە بۆ زمانی کوردیی

لەم بەشەدا بە سەرنجدانی دیاردەی زمان وەک هەیە هەندێ ڕواڵەتی ئاسایی و نائاسایی زمان دیار دەکەین و وەک پرسی عەقلی و فەلسەفی دەیانهاروژێنین تا خوێندەوار لە گۆشەنیگایەکی سروشتیی و لە هەمان کاتدا فەلسەفیی لە

رووداوی زمان وەک رۆژانە بەکاری دێنێت سەرنج بدات و بیرکردنەوەی بهاروژێنێت . مەبەست ئەوەیە خوێنەر زمانناسیی وەک خولیایەکی ئەکادیمی وشکی دابڕاو لە چالاکی زمانکاریی خۆی نەبینێت و لە رەوشی پراکتیکەوە بۆ

رەوشی تێڕوانگەیی هەنگاو بنێت نەک بە پێچەوانەوە . دوایی لە بەشێکی تردا سەرنجی هەندێ تیۆریی زمانناسیی دەدەین کە هەوڵ دەدەن ئەو دیاردانەی زمان روون بکەنەوە بە تایبەتی بۆچوونی ستراکتووریی سۆسیە-یی و بۆچوونی رێزمانی بەرهێنی چۆمسکی .
ئەوسا ئەو لکە زانستانە جایدەکەینەوەو پێناسە دەکەین کە تایبەتن بە یان بەشدارن لە توێژینەوەی زماندا . ئەم بەشە دەشی بۆ دوو یان سێ مژار (مۆدیول) ی فێرکردنی زمانناسیی بەکار بێت و لە کۆتایی هەر مژارێکدا کۆمەڵێ پرسیار بۆ پێداچوونەوەو تێگەیشتنی بابەتەکە دەنووسین .

## مژاری یەکەم : رستەسازیی بێکۆتایی

رستەسازیی بێکۆتایی

دیارترین و سەرنجراکێشترین تایبەتمەندیی زمان ئەوەیە کە ئەو توانستە زگماکییە بێسنوورە دەدا بە مرۆڤ کە ژمارەیەکی بێئەندازە و بێکۆتایی هۆی گەیاندن و تێگەیشتن لەگەل یەکتری واتە رستە دروست بکات. گەرچی توانست و ژمارەی دروستکردنی رستەکان بی سنوورە ئەو کەرەسەی بۆ بەرهەمهێنانی رستە بەکار دێ کە وشەیە سنووردارەو هەر زمانە لە کاتێکی مێژوویی دیاریکراودا ژمارەیەکی سنوورداری وشە لە دەربڕین و نووسیندا بەکاردێنێ. هەروەها لەمەش سەرنجراکێشتر ئەو نیشانە دەنگییانەی کە وشەشیان لی دروست دەبێ واتە پیتەکانی زمان (ئەلفوبێ) زۆر زیاتر سنووردارن ..
بەلام مرۆڤ ئەو توانستەی هەیە رستەی بێ ژمار بەرهەم بێنێ . گەرچی لە دەرەوە ئەو شتانەی کە نیشانەکان نیشاننوێنیان دەکەن واتە شتەکان و

بابەتەکان لە سروشت و ژیاندا لە حاڵەتی جیاو لێکدابڕاو دان ، بەلام لە فێربوونی زمانی زگماکدا کەس پێویستی بەوە نییە کە وشەکان و رستەکان یەک بەیەک فێر بێ ، بو نموونە لە شوێنێ : کانی ، درەخت ، ریگا ، هەتاو ، هەیە . تۆ بۆ باسی نیازی خۆت یان گێڕانەوەیەکی خۆت ، پیویست بەوە ناکا یەک بە یەک بیر لەو رەگەزانە یان بابەتانە بکەیەوە کە گێرانەوەک پیکدێنن . تۆ بۆ نموونە دەڵێی:

چوومە سەر کانییەکە لە بن درەختی گوێزەکە پاڵم دایەوە و سەیری دیمەنی کانییەکەم لە ژێر تیشکی هەتاودا دەکرد . بەراستی رۆژێکی خۆش بوو. جوانی سروشت خەنی کردم.

ئەمە تا بلێی رستەو دەربڕینێکی ئاڵۆزو پڕ لە پێوەندی دەنگسازیی و وشەسازیی و رستەسازیین ، بەلام ئێمە کە دەیبیسین بیر لە هیج ئەمانە ناکەینەوە هەر وەکو چۆن بێژەرەکە لە دروستکردنی ئەم رستەدا بیر لە هیچ ئەمانە ناکاتەوە . ئێمە لە ئاستی ماناسازییدا واتە سیمانتیکدا گێڕانەوەکە دەبیسین کە ئاستی هەرە ئاڵۆزی رەوشی زمانە. مرۆڤ دەتوانێ بە هەزاران رستەی ئاوا دروست بکات . ئەم بەهرەی رستەسازییەش هیچ لێکدانەوەیەکی فەلسەفی و لۆجیکی نییە . بۆ ئێمەی مرۆڤ ئەو توانستەمان هەیە بەڵام هیچ زیندەو نازیندوویەکی تر نییەتی؟

## 2 - سنووورداریی و دەوری بنچینەیی نیشانەکان

بە بەهرەمەندبوون لە بێسنووریی و بێکۆتایی تواناسازیی (کۆمپیتێنس ) سیستماتیکی و ستراکتووری رستە- دروستکردن ، بێژەری زمان هەر لە تەمەنێکی زووەوە، وەک وتمان ، پشت بە زەخیرەیەکی سنووورداری وشەو ژمارەیەکی زۆر سنووردارتری نیشانە- دەنگییەکان دەبەستێ . نیشانە دەنگییەکان هەم رۆحی وشەو زمانن ، هەم ماڵە ماتریالەکەین . واتە وەک دەنگ دیاردەی زمان موعجیزەیەکی رۆحییە ، وەک نیشانەو وشەو نووسراوی

سەر كاغەزو كتێب و هۆیەكانی تری گەیاندن ، جیهانێكی ماددی بەرچاوو بەركۆنترۆلی میكانیزمەكانی بەرهەمهێنانەوەو زۆركردن و گواستنەوەو گەیاندن و خەزنكردنە . لە بەر ئەوەی دەنگ سەرەكی و لەپێش و بڕیاردەرە، بە پێی گۆڕان لە زاری قسەكەران، چۆنێتی نیشانەكان و دیاركردنیان وەك مۆرفیم یان ئەلەمۆرف دەشێ گۆڕانی تێبكەوێ ، بەلام هەر لە سنووری ژمارەیەكی دیاریكراودا دەمێننەوە كە پەیوەستە بە ژمارەی پیتەكانی ئەلف وبێ – وە . دیسان بە بێ ئەوەی لە ئاستی ئۆنتۆلۆجی واتە فەلسەفەی بووندا ، بزانین چۆن و بۆچی ، مرۆڤ تواناسازیی دروستكردنی ژمارەیەكی زۆرو هەمیشە زیادبووی وشەی لەو دەنگانە هەیە ، لە وشەكانیش بێكۆتایی دەتوانین رستە دروست بكەین . دیارە ئێستا دەزانین كە وشە- بەرهەمهێنان دیاردەو پرۆسەیەكی مێژوویی مرۆڤ و كۆمەڵگایەكەو جیهانەكەیەتی . بەپێی زیندوویی زمان و دەسەڵاتی سیاسی و ئەركی شارستانیی زمان ، وشەكان هەم زیاد دەكەن ، هەم دەشێ گۆڕان لە شێوەی بەكارهێنان و مانایاندا روو بدات . بەلام فۆنۆلۆجی زمان تا رادەیەكی زۆر وەك خۆی دەمێنێتەوە.

## 3 - تایبەتمەندیی رستەسازیی

تایبەتمەندیی هەر زمانێك لە شێوەی دەربڕینی ئەو تواناسازییە زگماكییەی رستەسازییدایە . سیماكانی زمان لە رێگەی ئەو پێوەندییە رێزمانییانەوە دەردەكەون كە لە رستەسازییدا خۆیان دەردەخەن . بۆیە رستەسازییش بنچینەی زمان و رێزمانە. وەك وتمان ئەوەی كە سەیرو سەرنجراكێشە ئەوەیە كە منداڵ لە كاتێكدا لە سەرەتای فێربوونی نووسینی زماندا ، پێویستی بەوە دەبێ نیشانەكانی ئەلف و بێ و زۆر وشە یەك بە یەك فێر بێ و دیارە زۆر وشەش جگە لە خێزان و كۆمەڵ لە رێگای كتێب و قوتابخانەوە فێر دەبێ، پیویستی بەوە نییە كە رستەكان یەك بە یەك فێر بێ بەلكو لە رێگای توانستێكی زگماكیی و ئەوسا كۆمەلایەتییەوە ، بە پێی رێسایەكی سیستماتیكی ناوەوەیی ، كە بەلای چۆمسكی یەوە حەشارگەی یاساكانی رێزمانیی هەر نەتەوەیەكن، دەتوانێ وشەكان وەك ئامرازی ئاخاوتن واتە رستەی بێژومار

دەربڕێ . لەو دیاردەی دەربڕینە زگماکییەدا ، تایبەتمەندیی زمانەوانی هەر زمانێک دەشێ دیراسە بکەین و بدۆزینەوە و وەک ڕێسا و ڕێوشوێنی ئەو زمانە دەستنیشانیان بکەین . بۆیە تۆمارکردن وگرنگی دان بە دیراسەکردنی زمانی قسەکردن و زاری گرۆو ناوچەی جیا لە قۆناغی مێژوویی جیا جیادا یەکجار بایەخی مێژوویی و شارستانیی و زمانەوانی هەیە . گەر بۆ نموونە ئێستا ژمارەیەکی زۆر تۆماری دەنگی قسەو مەتەڵ و حیکایەتی ناوچەو زارە جیاوازەکانی کوردستانمان لە سەرەتای سەدەی بیستەوە تا ئیستا هەبایە، زەخیرەیەکی یەکجار بەنرخ دەبوون بۆ لێکۆلینەوەی ڕەوش و پێشکەوتنی زمانی کوردیی بە هەموو زارە جیاوازییەکانیەوە ، بە تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوەی دیاردەو ڕەوشی ڕستەسازیی لە زارەکاندا.

ڕێساکانی ڕێزمان دوو بەشن : چۆن نیشانە دەنگییەکان (دەنگسازەکان ، مۆرفیمەکان ) پێوەندی پێکەوە دروست دەکەن و پێکەوە دەبەسترێنەوە بۆ دروستکردنی وشە ( ئەمە وشەسازیی، مۆرفۆلۆجی پی دەوترێ ) وەک وشەی شار کە لە سێ دەنگسازی : [ ش ، ا ، ر ] دروست بووە . ئەوسا چۆن وشەکان پێکەوە کۆدەبنەوە یان کۆ دەکرێنەوە بۆ دروستکردنی ڕستە ( ئەمە ڕستەسازیی یان سینتاکس یان گرامەری پی دەوترێ ) وەک: ئێمە دوێنێ لە شار بووین .
ئەمە جۆری ڕێزمان یان گراماتیکای هەر زمانێ بڕیار دەدا .

لەم ڕستەدا : مناڵەکە لە ناو باوەشی دایکیدا خەوت .

زۆر لە تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی دەردەکەون . ڕەنگە ئەو تایبەتمەندییانە هەر هی زمانی کوردیی نەبن و زمانی دیکەش هەبن هاوبەشییان بن ، ئەمە بواری دیراساتی بەراوردمان بۆ دەکاتەوە . بەلام شارەزابوون لە زمانی کوردیی و دیاریکردنی ناسکارەکان [ ئەو سیمایانەی کاری ناساندنی زمانەکەیان هەیە] تەنیا بە سەرنجدان و وەسف و شیکردنەوەی هەزاران ڕستەی ئاوای جۆراوجۆری زارەکان دەتوانرێ ئەنجام بدرێ . من جەختم لە سەر ڕستەسازیی کرد بەلام دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کە وشەسازیش بەشێکی جەوهەری جیانەبۆوەی ڕستەسازییە ، پێوەندی نێوان

وشەکان و بەشەکانی رستە گۆڕانی وشەسازیی پەیدا دەکا . بەبێ ئەو گۆڕانە مۆرفۆلۆجییانە رستەی دروست پێکنایە و سیستمی ماناسازییش، سیمانتیک ، بە دروستی دەرناکەوێ .
تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی چین کە لەو رستەی سەرەوەدا دەردەکەون؟
تایبەتمەندی سەرەکی ئەوەیە کە وشەکان ئاوا دەردەکەون و ناتوانرێ بە شێوەیەکی تر ، مەگەر بەهانەی سیمانتکی یان رێزمانی هەبێ، ریزبەند بکرێن .
هەر ئەو وشەو نیشانانە بە شێوەیەکی تر دابنێ هیچ مانایەکی رستەسازیی و سیمانتیکییان نابێ : سەیری ئەمە بکە:

کە ناو دایک لە ی خەوت دا منالٚ باوەش ە ی *

* { دانانی هێمای * بۆ نیشاندانی ئەوەیە وشەسازییەک یان رستەسازییەکە نائاسایی یە}

ئەمانە هەمان وشەو نیشانە یان مۆرفیمەکانی رستەی سەرەوەن بەلام رستە دروست ناکەن و یەکسەر کوردیبێژ نارێکیی و بێسەروبەریی و بێمانایی ئەو دارڕشتنەی بۆ دەردەکەوێ . بۆ ئەوەی رستەی ساغ دروست بێ هەم وشەسازییەکە هەم رستەسازییەکە دەبێ بە پێی رێسا زگماکییەکانی زمانەکە بن .
تۆ دەتوانی رستە ساغەکە بە ئاسانی وەک سیستمی تواناسازیی زمانی خۆت بەرهەم بێنی بە بێ بیرکرنەوەو لێکدانەوەی ریزبەندیی و سیستمی راست .
بەلام گەر هەر ئەو کۆمەلە رستەی سەرەوەت بدەمێ ، بە بێ ئاگاداری رستە دروستەکەی یەکەم ، و داوات لێبکەم بیکەیتە رستەیەکی دروست چەند کاتت پێویست دەبێ تا سەرنجی وشەو دەنگسازەکان دەدەیت و وشەسازیی و رستەسازیی لۆجیکی دروستیان بۆ دەکەیت ؟
واتە تۆ بە بێ هوشیاریی ئاسانترو خێراترو خۆڕسکتر دەتوانی رستەکە بە دروستی دەربڕی لەوەی گەر وەک پرۆژەیەکی هوشیارانە بیکەیت .!!

ئەو رستەسازییە لۆجیکییە دروستە لە ناو خودی زماندا بەرجەستەیە و تۆ وەک بێژەرێکی زگماکی زمانەکەت یان فێربوویەکی سەربەستی زمانێکی دیکە دەتوانی بێ بیرکردنەوە بەکاری بێنی . بەلام ئەمە مانای وا نییە کە فێربوونی رێزمان پێویست نییەو ئێمە هەمووەمێ  دەتوانین رستەی ساغ بە تایبەتی لە نووسیندا بەرهەم بێنین . نا ، زمان زۆر ئالۆزو بە گرێوگۆڵەو هەمیشە لە گۆڕان و پێشکەوتنیشدایە . بۆیە دەستنیشانکردنی ڕێساو رێوشوێنی زمان بە شێوەیەکی سیستیماتکی زانستی بۆ ناساندن ۆ پاراستن و بۆ فێربوون و فێرکردنی زمان مەرجێکی جەوهەرییە .

کەسێکی بێگانە کە بیەوێ زمانی کوردی فێر بێ چۆن ئەو وشەو مۆرفیمانەی سەرەوە دەکاتە رستەیەکی دروست؟ یان تۆ گەر شارەزاییەکی زۆرت  نەبێ یان رێزمان نەزانی چۆن دەتوانی بیکەیتە رستەیەکی دروست بە پێی ئایدیالی رستەسازیی زمانەکە ؟

ئەمە گرنگیی تایبەتمەندیی رێزمانی یان رستەسازیی زمانی کوردی دەردەخا

**پرسیارو پێداچوونەوەی مژاری یەکەم**

1. مانای ئەم راگەیاندنە لێک بدەوە: نیشانە دەنگییەکان هەم رۆحی وشەو زمانن ، هەم ماڵە ماتریالەکەین."

2 . مەبەست لە رستەسازی بێکۆتایی چییە؟

3 . ئایا ئەم راگەیاندنانە دروستن یان هەڵە؟ بۆچی؟ روونی بکەو ..

1. دەنگەکانی زمان بێکۆتایی و بێ سنوورن بەڵام رستە سنووردارو پایاندارە؟
2. ناتوانین هیچ رستەیەک بە دروستی رێکخەین تا بیری لێ نەکەینەوە ؟
3. منالٚ پیت و وشە بە ئاسانتر و خۆرسکیتر فێر دەبێت لە رستە؟

4 . بۆ بابەتی زمانناسیی لێکۆڵینەوەی دەقی نووسراو لە ناسینی زارەکان و وێژەی زاریی گرنگترە؟

5 . ڕێزمان تەنیا پێوەندی نێوان وشەکانە و بنسازی ناوەوەی وشە بەشێک نییە لە ڕێزمان .

6 . خێرا چاوێک بەم وشانەدا بگێڕەو مەزەندە بکە دەتوانیی چەند جۆرە ڕستەیان لێ دروست بکەیت . هەوڵ بدە بێ نووسین یەکسەر ڕستەکان بڵێیت و کاتی وتنیان دیاری بکە، دوایی هەوڵ بدە ڕستەکان بنووسیت و کاتەکان دیار بکە و بزانە کامیان ئاسانترو خێراترەو لێکی بدەوە چۆن ڕستەی کوردیی تەواوت لی دروستکردوون.. دەتوانی ئامرازەکانی بەستنەوە (ە) یان (ی) زیاد بکەیت :

نموونە:

وەرز ، ساڵ ، ترین ، خۆش ، بەهار

دەتوانین چوار ڕستەی ڕێزمانیی/ مانایی دروست لەم وشانە دروست بکەین:

1 بەهار خۆشترین وەرزی ساڵە
2 خۆشترین وەرزی ساڵ بەهارە .
3 خۆشترین ساڵەوەرز بەهارە .
4 بەهار خۆشترین سالەوەرزە .

1.ئەستێرە ، پڕ، زۆر ، ئاسمان ، جوان
2. کاروان ، تریفرۆشەکان ، درەنگ ، ئێوارە ، دێ ، نێو ، گەیشتن
3. پێشرەو ، کورادیەتی ، بیر، خانی
4. قووڵ ، شیرین ، کوردیی ، لێی ، تا ، ببیتەوە ، دەبێ ، تر، زمان
5. دوو ، یەک ، بە ، نابێ ، خودا

6 . ئەم رستەیەی خوارەوە لە هۆنراوە ورگیراوە . بە وردی سەرنجی بدەو ئەو گرفتانە دەستنیشان بکە کە روونکردنەوەی رێزمان و مانای رستەکە ئالۆز دەکەن:

دەستێکم پاچ ، دەستێکم خاچ
گەڕانەوە ، گەڕانەوە
شەیداکانی
سەددام و ماچ

ئایا [ دەستێکم ماج ، دەستێکم خاچ ] رستەیەکی تەواوی بێ کردارە؟
ئایا مانای ئەوە دەدات کە دەستەکان پاچ و خاچن ؟ یان مانای تری هەیە؟
بە چ بەشێکی زمانەوانی مانای ئەم رستە روون دەبێتەوە ؟

مژاری دووەم : پێناسەی بنەزمان و سەرەزمان و زمانناسیی سۆسیە
١ . پێناسەی بنەزمان و سەرەزمان

لە کوردییدا پێریزەیەک یان وتەیەکمان هەیە دەڵێ سەری زمان و بنی زمانی فلان شتە . بۆ کەسێ دەوترێ کە زۆر باسی شتێک بکات .

راستیی گەر ئەم دوو وشە بگوێزینەوە بۆ زمان [ نەک وەک پارچەگۆشتەکە بەڵکو ] وەک ئاخاوتن ئەوە زاراوەیەکی گرنگ و لەبارمان بەدەستەوە دەدات کە دەشێت تیۆرییەکی گرنگی زانستی زمانی وەک
deep structure ستراکتوری قوول
ی چۆمسکی بەدەستەوە بدات . سەری زمان و بنی زمان دیارە دەبێ نهێنییەکی تێدا بێت . بنی زمان ئەو ئاخاوتنەش دەردەخا کە بنە ، لە ژێرەوەیە ، شاراوەیە بەڵام هەر خۆی دەردەخات . لە ئاستی زانستی زماندا هەر ئەم بیرۆکە زۆر شت روون دەکاتەوە . زۆربەی باس و خواسی پێشوومان ئەوە بوو کە منالّ هەر لە زووەوە توانای رستەسازیی بیکۆتایی هەیە بە بێ ئەوەی رستە بە رستە فێری ئەمە بێ وەک چۆن بۆ پیت لە سەرەتاوە پیت لە دوای پیت ببینێت و فێری

بێت و ،   بۆ وشەسازیی وشە لە دوای وشە دەبێ بیبیسێت و فێری بێت .
ئێستا دەمانەوێ بزانین نهێنیی  توانستی رستەسازیی چییە ؟

دیارە [چی] یەکان پرسیاری ئۆنتۆلۆجین ( نهێنی بوون ) کە قەت ناتوانین وەلامیان بدەینەوە . بەلام دەتوانین وەلامی چۆن ؟ بدەینەوە . واتە دیاردەیەک بە شێوەیەکی زانستی وەسف بکەین

ئایا لە روانگەی زانستەوە بنەزمان هەیە؟
جارێ مەبەست لە سەرەزمان ئەو قسەو ئاخاوتنەیە کە بە زمان دەری دەبڕین . دەڵێی قسەیەکم لە سەر زارە ، یان قسەیەکم دێتە سەر زار ،
فانی دەڵێ :
قسێکم دێتە سەر زاری ، دەڵێم بیڵێم و ناوێرم
لە باسی کورد و کرداری ، دەڵیم بیڵێم و ناوێرم

 مادام دێتە سەر زار ئەوە دەبێ لە شوێنێکەوە بێتە سەر زار ، بۆیە کورد بنی زمانیشی داناوە ، بەلام بنی زمان دەشێ تەنێ سەروێنە و میتافۆر بێت بۆ شتی قووڵتر . ئەو کەسەی سەری زمان و بنی زمانی باسی کەسێک یان بابەتێکە ئەوە کێشەیەکی سایکۆلۆجی دەربارەی ئەمە هەیە .  بەڵام ئێمە باسی ئەدەب ناکەین . باسی زانست دەکەین ، باسی ئەو رەوش و دیاردانە دەکەین کە دەتوانین بە زانستی واتە بەپێی تیۆرانگەو پێوانەی چەسپاو وەسفیان بکەین . هاتنی قسە لە  بن زمانەوە بۆ سەر زمان دەشێت وەک کارو پرۆسەیەکی فیزیکی وەسف بکەین وەک ئەوەی چۆن دەنگەکان لە ژێر- ڕا دێن بۆ سەر زمان : دوایی ئەمە لە بابەتی دەنگسازییدا روون دەکەینەوە کە چۆن دەنگەکان بە بەرپابوونی هەوا لە سییەکانەوەو هەڵکشانی ئەو هەوایە بە ناو رێچکەی دەنگیدا وەک قوڕگ و گەروو و ناو زارو ددان و لووت و [ بن زمان و سەر زماندا ] ئاخری دەبێت بە دەنگی ناسراو ، جیا کراوە ، بە فۆنیم . واتە لە ناو جەستەی ناوەوەی مرۆڤدا تەکنۆلۆجییەکی دەنگسازی تەواو هەیە کە ئەم پرۆسەی هێنانە دەنگ بۆ (سەری زمان )  و ( بنی زمان ) و دەرچوونی لە

دەمەوە ئەنجام دەدات و بە هۆی زانستی پێشکەوتووی دەنگناسییەوە ئێمە دەتوانین زۆر بە وردەکارییەوە وەسفی ئەو پرۆسەو ئەو تەکنۆلۆجییە بکەین . ئەوەی گرنگەلە کوردییدا ئەوەیە کە زاراوەی زانستی دروست و تەواو بۆ ئەم مەبەستە بەکاربێنین ..

تا ئێرە ( سەری زمان و بنی زمان ) بە مانا ئاساییەکەی روون کرایەوە..

دەنگسازیی وەک دوایی بۆمان دەردەکەویت ئەوەمان بۆ لێکدەداتەوە چۆن دەنگ دروست دەبن ، وشەسازیی ئەوەمان بۆ لێکدەداتەوە چۆن ئەو دەنگانە دەبن بە وشە . بەلام هیچ لێکدانەوەیەک بۆ ئەو ە نییە:

یەکەم : بۆ ئەو وشانە/ نیشانانە مانایان هەیە؟

دووەم : چۆن پێریزەو پێرستەو رستە لە وشەکان دروست دەکەین .

بۆ کورد ( سەری زمان و بنی زمان ) ی ئاوا کردووە بە فریزە . بۆ فانی دەتوانێ بنووسێ : قسێکم دێتە سەر زاری ، دەڵیم بیلێم و ناوێرم ، و ئەمە دەربرێنیکی کوردیی ساغ بەرجەستەدەکات . توانای رستەسازیی لە کوێوە دێت و چۆن بەرجەستە دەبێت؟

ئەم پرسیارە دەمانباتە سەر ئاستێکی قووڵتر . ئاستی ستراکتووری قووڵی چۆمسکی کە دوایی باسی دەکەین.

بۆ ئەم مەبەستە وەک زاراوایەک بنزمان و سەرزمان دەکەینە بنەزمان و سەرەزمان . هەر لە پێشەکی ئەم کتێبەوە گرنگی وشەی بن و بنە – م لە زمانی کوردییدا روون کردەوە . مامۆستا مەسعود محەممەدیش وردەکاری گرنگی زاراوەسازیی ( بن- بنە) باس کردووە . (بنە) بە مانای بوونی ژێرەوە، بوون لە ئاستێکی قووڵتر ، شاراوەتر ، نادیارتر . کەوایە (بنەزمان) شوێنێکە لە بنی فیزیکی زمان بنترە ، شاراوەترە ، ئەو شوینەیە کە نهینی رستەسازیی روون دەکاتەوە . سەرەزمان زمانی سەرزمانە ، زمانی سەرەوە ، ئەو زمانەی بە ئاسایی دروستی دەکەین و دەیبیسین و دەینووسین و دەیخوێنینەوە بێ ئەوەی بیر لە پرۆسەی ئاڵۆزو نهێنیی بەرهەمهێنانی بکەینەوە .

ئەم دوو زاراوەیە کت و مت تیۆرییەکەی چۆمسکی – مان بۆ روون دەکەنەوە .
ئەو  ستراکتوری قووڵ بەرامبەر ستراکتووری سەرەوە بەکاردێنێت.
deep structure – surface structure
بەلام ستراکتووری قووڵ و سەرەوە بۆ هەموو شت لە دەرەوەی زماںناسییشدا دەبن وەک بۆ وەسفی بابەتی کۆمەلیی و ئابووریی و ئایدیۆلۆجی..
کوردییەکەی ئێمە : بنەزمان و سەرەزمان وەک زاراوەی تایبەت بە زمان ، زاراوەی دەرخەری رەوشی راستەقینەی زمانسازیی، پێشکەش دەکەن .

بنەزمان لە بنی زمان قوولترو رازدارترە.
باشە ئەوە بە هۆی تەکنۆلۆجی دەنگەوە، ورد ورد بە دوای دەرهێنانی یان درچووواندنی دەنگەکاندا لە سیستمی دەنگییدا کەوتین ، واتە کە بڵیین (وان) دەتوانین روونی بکەینەوە چۆن سێ دەنگی [ و ]  و [ ا ] و [ن] ،  وشەیەکی یەک بڕگەیی سەربەخۆ دروست دەکەن .
کە بڵێین : چەتۆ خەڵکی وان – ە.
وەک کورد دەزانین ئەمە رستەیەکی تەواوەو لە ماناکەی حاڵی دەبین . بەلام پێوسیتیمان بە هەندی تیۆری زانستیی هەیە تا وردتر لە وردەکاریی و ئالۆزیی رستەکە شارەزا بین.

٢. تیۆری نیشانەناسی (سیمیۆتیکس) ی  سۆسیە

زماناسیی سویسری سۆسیە بوو کە  بۆ یەکەمجار گرنگی زمانی وەک زمان خۆی، وەک سیستمیکی ئایدایی و کۆمەلایەتی گرنگ کە جیهانی مرۆڤ دروست دەکا،  نەک تەنیا  وەک بەردەستێکی میکانیکی مرۆڤ، دەرخست. ئەو تیۆرییەی ئەو دایهێنا ناوی (سیمیۆتیکس ) یان (سیمیۆلۆجی) بەسەردا برِا.
رەگی وشەکەش (سیمیۆ) یۆنانییە کە بە مانای نیشان دێت:
Greek *sēmeiōtikós*  significant, equivalent to *sēmeiō*

verbid stem of *sēmeioûn* tointerpret as a sign (derivative of Greek *sēmeîon* sign) + -*tikos* -tic

مانای سیمیۆلۆجیش: لە چوار چێوەی زماننناسیی و فەلسەفەشدا نیشانەناسیی یە واتە گرنگیی لێکدانەوەی وشەکانی زمان وەک نیشانەی ماندار و ماناکار بۆ لێکدانەوەی سیستمی بنەسازیی زمان خۆی و لەمەوە جیهانی هوشیاریی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکانی مرۆڤ.

کەوایە مانای گشتی باوی نیشانەناسیی یان سیمیۆتیکس: لیکۆڵینەوەی نیشانەکان و رەمزەکانە وەک رەگەزو بنەمای رەفتاری پێوەندی کۆمەڵایەتی و لێکۆلینەوەی زمان خۆی وەک سیستمی ماناو مەبەست گەیاندن لە نێوان مرۆڤاندا.

دەکرێ بە سێ بەشەوە:نیشانەناسیی (سیمیۆلۆجی)

١. ماناناسیی: واتە پێوەندی نێوان نیشانەکان و نیشانەکراوەکانیان: کە دەڵێین کەو ، ئەم سێ دەنگە یان پیتە [ک-ە-و] نیشانەن ، ناوی مەلێک (کەو) نیشانەکراوە، واتە ئەمە مانای سێ پیتەکەیە کە بەیەکەوە بوترێن یان بنووسرێن. ئەمە (سیمانتیک) واتە ماناناسیی پێدەوترێت.

٢. رێزماننناسیی: رێزماننناسیی وشەکە (سینتاکسەکە) پێوەندی نێوان فۆرم واتە شێوەی دەرکەوتنی وشەکەو ماناکەی روون دەکاتەوە. لە وشەی (کەو) دا شێوەی وشەکە لە سێ پیتەکە [کۆساز+ بزوێن+کۆساز] وەک یەک مۆرفیمی سەربەخۆ، بنسازی ناوەوەی وشەکە واتە رێزمانەکەیەتی. یەک پیتی بگۆرە تەواو ئەو مانایە نامێنێ: خەو، چەو، شەو، هتد شێوەو فۆرمی ترن کە مانای تر دروست دەکەن. کەوایە لە سیستمی نیشانەناسیی سۆسیەدا رێزماننناسیی و ماناناسیی جیاناکرێتەوە.

٣. زمانکاریی زمان:  پراگماتیکس: واتە زمان تەنیا لە ئاست و راستیی و هەلومەرج و چوارچێوەی بەکارهێانیدا، یان بە کورتی لە کۆئاخنی (کۆنتێسکتی) بەکارهاتنیدا ماناکەی بە روونی بەدەستەوە دەدات. مانای هەمان وشەو دەربڕین دەشیت لە کۆئاخنێکەوە بۆ کۆئاخنێکی تر بگۆڕێت. پراگماتیکس پێوەندی نیوان بەکاربەرانی زمان، (زمانکاران) و نیشانەکانی زمان دەردەبرێت . تەنیا بۆ کورد کەو مانای ئەو مەلە کێوییە قاسپەقاسپکەرە نازدارە دەردەبڕێ کە رەمزێکی نەتەوەیی کوردیشە .

.بگەرێینەوە بۆ رستەکەی سەرەوەمان: چەتۆ خەڵکی وان — ە.
وتمان وەک کورد بە ئاسانی لە مانای وشەکان و رستەکە تیدەگەین.

ئەم لایەنە سیمانتیکییە بە پێوەندیی رەمەکی نێوان نیشانە (وشەکان) و نیشاندراو (مانا) بە پێی تیۆرییەکەی فێردیناند دی سۆسیەو راهاتنی کۆمەڵایەتی لێک دەدرێتەوە.

لە چ کاتێکدا دەلێین: (ئەو خەڵکی وانە) و بۆ وا دەڵێین و وەلامی گوێگر چ دەبێت، ئەوە بە لکەزانستی پراگماتیکس لیک دەدریتەوە.

بەڵام ئەم لێکدانەوانە هیچیان هیچمان دەربارەی نهێنی تواناسازیی رستە-دروستکردنەکە بەو خۆرسکیی و ئۆتۆماتیکییە پێ نالێن.
ئەمەیان چۆمسکی وەک بنکاریی زمان، یان بنەزمان لێکی دەداتەوە کە لە مژاری داهاتوودا باسی دەکەین.

### پرسیارو پێداچوونەوەی مژاری دووەم

1. سەری زمان و بنی زمانی باسی خۆیەتی-کورد دەڵێ:
مەبەست چییە لە سەری زمان و بنی زمان لەم وتە کوردییەدا؟

2 . لە روانگەی زمانناسییەوە پێناسەی ئەم چوار زاراوەیە بکە:

سەری زمان ، بنی زمان
سەرەزمان، بنەزمان

3. سۆسیە دەڵی وشە نیشانەیەو تەنیا بە پێوەندی بە نیشانەکراوەکەیەوە مانا دەدات؟ بە نموونە ئەمە روون بکەوە
.
4. کە وشەی (کەو) یش نەبایە ئێمە وەک کورد خۆمان و منالەکانیشمان کەومان هەر دەناسی؟ ئایا ئەم راگەیاندنە راستە یان نا؟ لە سەری بدوێ؟

5 . وشەی سیمیۆتیکس لە چییەوە هاتووەو زاراوە کوردییەکەی بەرامبەری چییە؟ لەگەڵ رەسەنە یۆنانییەکەی بەراوردی بکە؟

– 5 ئایا ئەم راگەیاندنانەی خوارەوە راستن یان هەڵە؟ بە نموونە روونی بکەوە؟
– 1وشە مانایە بەر لەوەی فۆرم بێت؟
2 – وشە سەر بە فەرهەنگ و ماناناسییەو پێوەندی بە رێزمانەوە نییە؟
3 – لە هەر شوێن و کۆئاخنێکدا وشە بەکاربێنی هەمان مانا فەرهەنگییەکەی دەدات؟
4 – خەڵکی شار باشتر مانای وشەی زمان دەزانن لە خەلکی لادێ؟
5 – زانینی مانای وشە یان رستەیەک توانستی زمانناسی کەسەکە نیشان دەدات؟
– 6 ناوو مانای ئەو شت و تەکنۆلۆجیانەی بەکاریان دێنین گەرچی بێگانەش بن لە شتی خۆمالی خۆمان باشتر فێر دەبین ..

مژاری سێیەم : تیۆریی بنەزمانی یان رێزمانی وەبەرهێنی چۆمسکی

تیۆریی بنەزمانی یان ڕێزمانی وەبەرهێنی چۆمسکی

لە ماناناسیی و وشەکاریی دا (سیمانتیکس و پراگماتیکس) کۆئاخنی (کۆنتێکستی ) ئاخاوتنەکە دەوری سەرەکی هەیە ، بەلام چۆمسکی هەولی لێکدانەوەی زمان بەدەر لە کۆنتێکستەکانی دەدا، هەولی دۆزینەوەی ئەو ڕێزمانە یان ڕاستر بنەزمانە دەدا کە توانای ڕستەسازیی نەک لە یەک زمان و یەک کۆمەڵ و یەک کۆئاخن و شوێن و کاتدا ، دەرەخسێنێت ، بەڵکو بۆ هەموو زمان و ڕووداوێکی ئاخاوتن لە هەموو کات و شوێنێکدا، ئەمەش پێویستی بەوە دەکات زمان وەک بەهرەو توانست و چالاکییەکی تایبەتی مرۆڤ تێبگەین . مادام ئەو چالاکییە لە دروستکردنی دەنگ و وشەو بە تایبەتی ڕستەدا خۆی دەردەخات ، ئەوە بە سەرنجادن و کۆکردنەوەو پۆلێنکردن و لێکدانەوەی بنسازە زۆرو جۆراوجۆرەکانی ڕستەسازیی دەتوانین بگەینە لێکدانەوەیەکی گشتی دیاردەی زمان .

چۆمسکی جیاوازی لە نێوان بنسازییە جیاکانی زمان دەکات و سەرزمان و سەرەزمانەکان واتە دەرکەوتنە جیاوازەکانی زمان لە ئاخاوتندا ، لە بنەزمان جیادەکاتەوە . کە ناوی دەنێت : ستراکتوری قووڵ. سەرەزمانەکان شێوەی جیاوازی بنەزمانن. ستراکتورە قوولەکان ئەو تواناسازیی زگماکی داڕشتنی ڕستەی جاوازە لە لایەن هەر زمانبێژەوە کە خۆی لە ڕادەو ژمارەی ئەو ڕێوشوێن و بنسازییە جیاوازانەدا دەردەبڕیت کە زمانبێژ دەتوانی بۆ دەربڕین بەکاریان بێنێت . ئەو کۆمەڵە بنسازییانەی بنەزمان دەشێ جیابکرێنەوە ، بناسرێن ، پۆلێن بکرێن بە شێوەیەکی فۆرمالی یان ماتماتیکی ریز بکرێن . ئەوەش مەوداو پێگەشە ( پۆتینشەل ) کانی بەرهێنیی (جێنێرەیشن) ی ڕستە یان ستراکتوری سەرەزمانیی جیاواز لەو زمانەدا دەستنیشان دەکا . ئەمە جیایە لەو جیاوازییەی ستراکتورالیزمی سۆسیەیی لە نێوان وشە یان ڕستەو مانادا یان نیشانەو نیشانەکار دا دەیکات . جیاوازی سەرەزمان و بنەزمان وەک جیاوازیی ڕستەکان لە لایەکەوەو مانای ڕستەکان نییە . بەڵکو نیشاندانی ئەو یاسا

فۆرمالیانەیە کە هەم مەوداو هەم کەممەودایی ستراکتورەکانی بەرهەمهێنانی وشەو رستە لە زماندا دەردەخەن..

ئەو لێکدانەوە گشتییە ریزمانی رێزمانەکانە. چۆمسکی ناوی دەنێت
واتە رستە بەردەهێنێت.generative grammar. رێزمانی بەرهێن
ناوێکی تری رێزمانی شێوەگۆڕیی یان گەردانکارییە:.
Transformational grammar

لە بەر سروشتی ئەبستراکتی تیۆرییەکە ( گرامەری گەردوونیی ) شی پێدەوترێت : واتە ئەو یاساو یاساغییانەی سروشتی بنسازیی زمان وەک دیاردەو چالاکییەکی کۆگەیاندنی مرۆڤ دیاری دەکەن و وەلامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە . بۆچی زمان ئەو تایبەتکارییانەی هەن کە هەنی ؟

## رێزمانی بەرهێنی چۆمسکی چییە؟

ناوی باوی ڕێزمانی چۆمسکی وەک وتمان رێزمانی بەرهێنە، ئەمەش وەرگێرانی حەرفیی و دروستی زاراوە ئینگلیزییەکەیە [ جێنێرەتیڤ] کە بریتییە لە ئاوەلناوی کرداری [ جێنێرەیت] بە مانای بەرهەم دەهێنێ .
رەسەنی وشەکە لاتینی یە

*generātus* produced, past participle of *generāre* to be get;

ماناکانی (جێنیرەیت) وەک بەرهەمهێنانی سروشتی و کشتوکاڵیی یان منالٚ یان ئایدیاو بیر هەمووی لەگەڵ (بەر)ی کوردییدا یەک دەگرێتەوە. بۆ منالی یەکەم (نۆبەرە) بەکاردێنین. بەردار بۆ درەخت، بەرهەم بۆ کشتوکاڵ. هەروەها بەرهەم بۆ کارو نووسراوەکانی شاعیرو نووسەران. واتە بیرو ئایدیاکانیان، بەکاردێنین.

بۆیە بۆ (جێنیرەتیف گرامەر)   - ڕێزمانی بەرهێن - بەکاردێنم. بەرهێن و بەرهێنەر جیایە لە بەردار یان بەردەر . بەرهێن(ەر) پرۆسەیەکی بەرهێنانە کە دەوری سروشتی یان هوشیاری بکەری تێدایە.

چۆمسکی بەرهێن بە دوو مانا بەکاردێنێ:  ١. بەرهەمهێنان ٢. دیاریکردنی ڕێساکانی ڕێزمان لە سەر بنەمای ئەو ڕستەسازییەی مرڤ توانستی بەرهەمهێانی هەیە .

## لە نێوان بنەگەریی (ستراکتورالیزم) و  چۆمسکییدا

گرامەرناسیی چۆمسکی جیابوونەوەیە لە تیۆری بنسازیی (ستراکتورالیزم) ی زمان کە لە سەر بنەمای زمانناسیی سویسری فێردیناند دی سۆسیە دامەزراوە. لای سۆسیە زمان لە کۆمەلە نیشانەیەکی ڕەمەکی بێ مانا زیاتر نییە کە بە هۆی پێوەندی ستراکتوری ناوەوەی زمان خۆی واتە پێوەندی وشەکان بەیەکەوە، مانا پەیدا دەکەن. مێشکی مرۆڤ کاغەزێکی سپی یە لە ڕێگای خێزان و کۆمەڵ و پەروەردەو دەزگاکانەوە مرۆڤ فێری تێگەیشتن و بەکارهێنانی مانای نیشانەکان دەبێت . لە بەر ئەوە لای ستراکتورالیزم نزیکی هەموو کۆزانەکانی زمان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری .

## Behaviorism پەرەدایمی ڕەفتاریی کۆمەلایەتییەوە

جیاوازییە جەوهەرییەکە ئەوەیە لای ڕەفتاریی مرۆڤ دەبێ هەموو شتێک فێر بێت، فێربوونیش لە ڕِێگای هەلومەرجبەندییەوە دەبێ بەدی بێت .

## conditioning هەلومەرجبەندیی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی

هەلومەرجبەندی بریتییە لە پێوەندی مرۆڤ بە ژینگەیەکەیەوەو کەوتنە ژێر کاریگەرییەکانی. بە پێی بۆچوونی ڕەفتاریی ، ڕەفتار (کە گوفتاریش

دەگرێتەوە ) دەشێت بە شێوەیەکی سیستماتیک و بینراو بێتە دیراسەکردن بە بێ رەچاوکردنی رەوشی عەقلی ناوەوە. یەکێک لەوانەی دەوری گەورەی لە پەرەپێدانی تیۆری رەفتاریاری لە فێربوونی زماندا
بینیوە زمانناسیی ئەمریکی
بی . ئێف ، سکینەرە .B.F.Skinner
بە پێی بۆچوونی رەفتاریاری : زمان کۆمەلە رەفتارو نەریتێکە بە کاریگەریی هەلومەرجبەندیی و بەردەوامی و پتەوکردنەوەی کاریگەریی هەلومەرجە ژینگەییەکان دروست دەبێ و بەرهەمدەهێنرێتەوە . ە . لەبەرئەوە پرسی چۆنێتی زمان زۆر لە پرسی چییەتی گرنگترە . منالّ زمان فێر دەبێ بە بێ ئەوەی بزانێت ئەوەی فێری دەبێت چییە؟

چۆمسکی – ش خولیای هەمان پرسیاری هەیە، بەلام بە پێچەوانەوە ئەو دیراسەی هەلومەرجبەندیی رەفتاریی ناکات بەلکو سەرنجی بەرهەمهێانیی زمان خۆی دەدا وەک وشەو رستە و پێوەندی نیوان وشەو رستە . ئەمە راستیی یان گرنگی ئەو دوو بۆچوونە رەت ناکاتەوە ؛ زمان نیشانەی رەمەکین بۆ خۆیان ناوەرۆک و بەهایان نییە تەنیا بە پێوەندی نیشانەکان ( وشەکان ) بە یەکترەوە مانا پەیدا دەکەن . وەک ئەوەی ساردی تەنیا بە پێوەندی بە گەرمی یەوە تاریکی بە رووناکی یەوە مانا دەبەخشن . (سۆسیە)
زمان پێوەندی نێوان وشەو مانایە کە مرۆڤ وەک رەفتار لە ژینگەیەکەیەوە فێری دەبێت . (سکینەر)
ئەوەی خولیای چۆمسکی یە ئایا هیچ تایبەتمەندییەکی مرۆڤ هەیە کە ئەو تواناسازییە مەزنەی بۆ زمان بداتێ؟ بۆچی زیندەوەرانی تر هەمان هەلومەرجبەندی ژینگەییان هەیە بەلام زمان بەو چەشنەی مرۆڤ لایان دەرنەکەوتووە؟ زمان وەک هەیەو مرۆڤ لە دایکەوە فێری دەبێت خۆی چییە؟

جیاکردنەوەی سیستمی هۆشیاریی مرۆڤ

لای چۆمسکی بۆچوونی ڕەفتاریاریی بۆ زمان زۆر سادەیە . گەر بمانەوێت تێبگەین چۆن زمان بەدەست دێت و بەکاردێت لە لایەن مرۆڤانەوە دەبێت لە پێشەوە سیستمی هۆشیاریی مرۆڤ
جیا بکەینەوە. Cognitive system

ئەمە ئەو سسیتمەیە کە بنکاری توانستی بەکارهێنان و کۆنترۆلی زمانە لەلایەن مرۆڤەوە دەرەخسێنێت . بە واتایەکی دی مرۆڤان لەگەڵ بوونیان بە شێوەیەکی ناوەوەیی ناهوشیارانە سیستمێکی زمانسازیی لە مێشیکاندا هەیە.



**زمانسازیی زگماکیی و عەقڵییە**

چۆمسکی ئەم سیستمە ناو دەنێت: توانستداریی زمانی ( لینگویستیک کۆمپیوتێنس ) ، کە مرۆڤەکان وا لێدەکات لە بەکارهێنانی زماندا توانستدار ( کۆمپیتینت ) بن . بۆیە ئەم پەرەدایمەی چۆمسکی بە پێچەوانەی ڕەفتاریاریی وای دادەنێت کە زمان تواناسازییەکی ناوەوەیی زگماکییە و بە فێربوون نییە .

مادام ئەم تواناسازییە خۆی لە دیاردەی دامەزراوەی زماندا دەردەبڕێت کەوایە دەکرێ ڕێساکانی زمان سەرنجیان بدرێتێ و لێکبدرێنەوە کاتێ زمانبێژ ئەو تواناسازییە ناوەوەیی یەی خۆی دەرەوەیی دەکات ، واتە لە زماندا، لە ئاخاوتندا ، لە ڕستەسازییدا دەری دەبڕێت و بەرجەستەی دەکات .

ڕێزمانی بەرهێن لە سەر ئەم پەرەدایمە تیۆرییە دامەزراووەو بە پێی ئەمە زماناناسان دەبێت (ڕێزمان) ێک بەرهەمبێنن کە لە ڕوانگەی تیۆرییەوە

ریگەدەدات لە ڕێگای بەکارهێانی کۆمەلە ریسایەکی زمانێکەوە هەر جۆرە رستەیەک بەرتوانا بێت بەری بهێنین. بەسادەیی ئەمە تیۆرییەکی ئەبستراکتە کە بۆمان دەلوێنێت گەر کاتمان هەبێت لیستێکی هەموو ئەو جۆرە رستانەی زمانەکە ، کە بێکۆتایین، بەرهەمبێنین گەرچی گرامەری وا پێرفێکتی هیچ زمانێک بەرهەم نەهاتووە.

هەروا لە روانگەی تیۆری یەوە ئەو ڕێزمانە لە سەری هەمووماندا وەک . هەیە . inguistic competence توانستی زمانسازیی

ئەو کارەی ئێمەش وەک قسەکردن، ئاخاوتن و هەرجۆرە بەکارهێنانیکی زمان ئەنجامی دەدەین پێی دەوترێ زمانکاریی
Linguistic performance
واتە ئەنجامدانی کاری زمانیی، ئەدای زمان.

زمانکاریی ئێمە ، (ئەدای) زمان بەکارهێنانمان ، دەشێ ناتەواو بێت وەک هەڵەی زمان ، خراپی دەربڕین ... هتد .

## بەکورتی

### بنەماکانی ڕێزمانی بەرهێنی چۆمسکی

١. ئێمە ڕێزمانێکی ناوەوەیی زگماکیی عەقڵیمان هەیە، کاتێ قسە دەکەین، یان دەنووسین ئێمە رستەی ڕێزمانیی نوێ بەرهەمدێنین .

٢. ڕێزمانی بەرهێن وەسفی ئەو ڕێزمانە عەقڵییەمان دەکات بە دەستنیشانکردنی یاسای رستەسازییەکان، ئەمەش وا دەکات ئەو ڕێسا حەشارانەی ناو مێشکمان لە لامان ئاشکرا بن.

٣ .وەک کارێکی تەکنیکی ئەمە لە دوو رووەوە دەکات:

1 . بە نەخشاندنی بنسازێکی درەختی (واتە لە شێوەی درەخت و لق و پۆپەکانی تا هەموو ڕێساکانی بنسازیی رستە بگرێتەوە )

2 . بە دیاریکردنی ڕێساکانی بنسازی فرەیزیی واتە ستراکتوری پێکهاتنی ڕستە کە لە پێریزەی (فرەیز) ناوی و پێریزەی کرداریی پێکدێت .. وەک:

ڕستە ( ر ) ⟵ پێریزەی ناوی ( پن )
پێریزەی کرداریی ( پک )

## 4. چەند پرینسیپێکی گرنگی ڕێزمانی بەرهێن :

١. چۆن ئیمە ڕستەی ڕێزمانی دەلێین و هەڵە ناکەین؟ .

بە هۆی ڕێزمانی عەقڵی یان توانستکاریی زمانەوانی لە میشکماندا . چونکە یەکەم پرینسیپی ڕێزمانی چۆمسکی ئەوەیە کە زمان فاکت یان ( واقیع) یەکی عەقڵی یان هۆشمەندییە . ئەمەش بەوە تاقیدەکرێتەوە کە هەر زمانبێژێک ، زماناس بێت یان نا ، تەنیا بە چەند ڕێگەیەک کە ڕێزمانی ناوەوەی بۆی دەلوێنێ و پێی دەڵێ ڕاستە یان هەڵەیە ، دەتوانێ ڕستە دروست بکا:

بۆ نموونە : ارا ، دی ، دار ، دوو

چەند ڕستە دەتوانی لەم چوار وشەیە دروست بکەیت :
1 . * دار دوو ارا دی ( * نیشانەیە بۆ ڕستەی هەلە ) – ( نادروست دارِشتن )
2 . * دی ارا دار دوو . ( نادروست دارِشتن )
3 . *دار دوو ارا دی (مانایەکی نائاسایی)
4. *دار ارا دوو دی ( نادروست دارِشتن)
5 . * ارا دی دوو دار (نادروست دارِشتن )
6. ارا دوو داری دی. (باش دارِژاو)
7. *دوو دار ارا دی ( نادروست دارِشتن)
8. دوو داری دی ، ارا. ( ڕستەی ماناسازی تەواو)

## 2. innate  زمان ناوكيي و  ماكييه :

ئايا لاساييكردنەوەی تووتی بۆ قسەی مرۆڤ زمانە؟
مرۆڤی کۆرپە لای چۆمسکی پێکاری هەبوونی زمانی هەیە کە پێی دەڵێ:
(LAD (language acquisition device
کە دەتوانین بە کوردیی کورتەکەی بکەینە (پیز) = پێکاری هەبوونی زمان . ئەو پێزەیە کە هێزی رستەسازیی بێ کۆتایی فەراهەم دەکات . ئەم پێزەش تایبەتە بە توخمی مرۆڤ . تەنیا مرۆڤ نەک زیندەوەرانی دی ، دەتوانن زمانی مرۆڤ بەدەستبێنن .

## . creative3 – زمان داهێنەرو داهێنەرانەیە .

وەک عەقڵی مرۆڤ خۆی ئەو توانستە زمانەوانییە . ناوکییەی مرۆڤ ئەو پەڕی داهێنەرانەیە و سنوورێک بۆ داهێنانەکەی نییە ، واتە گەرچی رێزمان یۆشوێن ورێسای دامەزراندنی خۆی هەیە ، زمانکاریي نرۆڤ هەميشي دەتوانێت سنوورەکای رێسای زمان ببڕێت و سێوازی دەربڕینی نوێ دابهێنێت . شیعر لە پێشەوەی ئەو هونەرانەی زمانە کە رێسا رێزمانییەکان لە پێناوی دەربڕینی جوانتر و بەهێزتر تێکدەشکێنێت . ئەوسا فەلسەفە بە جۆری جیاواز زمان لێکدەداتەوەو ئاسۆی ماناو مەبەستەکانی هەمیشە فاروانترو ئاستەکانی قوولتر دەکاتەوە. بەلام پرینسیپی داهێنەرانەبوونی زمان لای چۆمسکی مەبەست بەکارهێنانی زمانە لە ژیانی رۆژانەماندا ، هەر کاتێ ئێمە زارمان دەکەینەوەو رستەیەکی نوێ بەرهەم دەهێنین، راستی داهێنانیکی نوێ دەکەین . ئەو رستە تایبەتییە بە من ، تۆ ، ئەو ... کەس بە هەمان شێوە بەرهەمی ناهێنێتەوە. ئەوەی تووتی – ش بە زمان حیساب ناکرێت .!!

## بنەزمانی کوردیی چییە؟

بنەزمانی  هەم تواناسازیی زگماکی عەقڵیی بیسنووری دارشتنی ئەو رستانەیە کە زمانبیژی کورد بەکاریان دینیت ،  هەم دەرکەوتنی ئەو رستانەیە بەو شیوەیەی دەردەکەون و شیوەکانی گۆرینیان بە پیی مەوداکانی رستەسازیی بنەزمانیی تر . ریزمانی بەرهین یان بنەزمانیی دەبێ هەوڵ بدات بە تەواوەتی و بەشیوەیەکی فۆرمالی میکانیکی  پیمان بڵیت ئەو ریسایانە چین کە حوکمی بەرهینانی رستەی کوردیی دەکەن ،  رستەی کوردیی  ریزمانیی تەواو چۆنە؟ و ئەو شتانە چین کە لە رستەسازیی کوردیی بەدەرن؟  کەواتە پرۆسەی گرامەری وەبەرهین دەچیتە سەر خودی توانستی داهینانکاریی رستەیی مرۆڤی کورد و کۆمەڵگای کوردو هەموو ئەو بنسازیانەی زمانسازیی جیادەکاتەوە کە سروشت و رەوش و بنکاری سینتاکسی کوردیی دیاری دەکەن . لە ساڵانی دواتردا ریزمانی وەبەرهین یان  شیوەگۆرِیی بە مانای تواناسازی بیژەری زمانی دایک بە وەسفکردنی ئەو ریسا بنسازییە فۆرمالییانەی بۆ دروستکردنی ژمارەیەکی بێ کۆتایی رستە  بەکاریان دینیت ، پیناسە کرا

ئاستی شیکردنەوەی بنەزمان

ریساکانی بنەسازیی ریزە (فرەیز)

مەبەست لە ریزە وشەی فرەیزی  ئینگلیزییە . لە شوینی تر پیریزەم بەکارهینا بەلام  تا زاراوە ئاسانتر بێ باشترە.

Phrase      ریزە

Phrasalریزەیی

مەبەست لە ریزە هەر وشەیەک یان زیاترە کە لە ریزدا دەوەستێ بۆ دروستکردنی رستە بەلام خۆی کرداری تیدا نییەو بەررستە نییە:.

ئەمە دەشیت دوو وشە بیت یان زیاتر.

a sequence of two or more words arranged in a grammatical construction and acting as a unit ina sentence.

واتە: بە دوایەکدا هاتنی دوو وشە یان زیاتر لە دارِشتەیەکی ریزمانیدا کە وەک یەکەیەک لە ناو رستەدا کاردەکات : وەک کچەکە . کچی جوان ، کچی ناو ژوورەکە ... هتد.

ریزە دەوری جەوهەری لە ریزمانی بەرهێندا هەیە.

میکانیزمی سەرەکی شیکردنەوەی ریزمانی بەرهێن بریتییە لە ریساکانی بنسازیی ریزە

phrase structure rules

لەگەڵ دەستنیشانکردنی ئەو گەردان / شێوەگۆڕییەی لە رستەی جیاوازدا لە ریساکانی بنسازی ریزە دروست دەبن .

هەموو رستەیەک پێکهاتووە لە ریزەی ناویی و/ یا ریزەی کرداریی وەک: .

کچەکە رۆژنامە دەخوێنێتەوە

<table>
<tr><td colspan="2">[ر] رستە<br>کچەکە رۆژنامەکە دەخوێنێتەوە</td></tr>
<tr><td>ریزەی ناویی<br>کچەکە</td><td>ریزەی کرداریی<br>رۆژنامە دەخوێنێتەوە</td></tr>
<tr><td>ناو + ئامراز<br>کچ + ەکە</td><td>ریزەی ناوی + کردار<br>ناو + ئامراز<br>رۆژنامە کە – دەخوێنێتەوە</td></tr>
</table>

ئەمە بنسازیی ریزەیی رستەکەمان دەداتێ

رستە = رن (ریزەی ناویی) + رک (ریزەی کرداریی )

رن = ناو + ئامراز

رک = ناو + کردار

ئەم بنسازییە فرەیزییە دەبێ بە کەرەسەی سەرەتایی بۆ شیکردنەوەی گەردانەکانی بەرتواناکانی رستەکە لە رستەی تری وەک:

کچەکە رۆژنامەکەی دامێ
رۆژنامەکە خوێندرایەوە .
رۆزنامەکە پڕ بوو لە هەوالی گرنگ … هتد .
بەڵام مەبەستی ئێمە لێرەدا نیشاندانی ئەوەیە ئەم بنسازییە چی دەربارەی گرامەری عەقلیی کوردیی- زمان روون دەکاتەوە

گەر بەراوردی بکەین بە ئینگلیزی دەبینین دارِشتەی بنسازی گرامەری کوردیی زۆر لە هی ئینگلیزیی جیایە . رستەکە بکەین بە ئینگلیزی .
.The girl reads the newspaper

بنەسازی ریزەیی رستە ئینگلیزییەکە ئاوایە:
(Sentence (S) = Noun phrase (NP) + Verb phrase (VP
ڕ (رستە) = رن (ریزەی ناویی) + رک (ریزەی کرداریی)
رن = ئامراز + ناو
NP= Determiner + NP The girl
رک = کردار + رستەی ناوی
VP = Verb + NP read the book
رن = ئامراز + ناو
NP = Det + N the book

گەر سەرنجی وردی رستەکە بدەین دەبینین هەر لە ئەم تاکە رستەدا گەرچی بنەزمانەکە بە فراوانی یەکە واتە لە هەردووکیاندا رستە لە ریزەی ناویی و ریزەی کرداریی دروست دەبن کە ئەمە بۆ زمان بە گشتی دروستە، جیاوازی گرنگ لە بنسازی رستەیی کوردیی و ئینگلیزیدا هەیە:

| ئینگلیزیی | کوردیی |
|---|---|
| Noun phrase<br>Det + N<br>the girl, the newspaper | ڕیزەی ناویی<br>ناو + ئامراز<br>کچەکە، ڕۆژنامەکە |
| Verb phrase<br>Verb + NP<br>read the newspaper | ڕیزەی کرداریی<br>ڕیزەی ناویی + کردار<br>ڕۆژنامەکە دەخوێنێتەوە |

وەک دەبینین جیاوازییەکان ئەمانەن :

لە کوردییدا :

١ .ئامرازی بڕیاردەر وەک بناس و نەناس ، ئامرازی ناسین و نەناسین ، (کە) و (ێک) لە دوای ناووەوە دێن : وەک پیاوەکە ، پیاوێک لە ئینگلیزیدا لە پێش ناوەکە دێن وەک:

the man, a man

٢ لە کوردییدا کردار دەکەویتە دوای بەرکارەکەوە : ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە . لە ئینگلیزیدا کردار دەکەوێتە پێش بەرکارەکە:

.read the newspaper

ئەمە لە ڕوانگەی ڕێزمانی بەرهێنی چۆمسکییەوە ئەوە نیشان دەدات کە ڕێزمانی زگماکی عەقلی مرۆڤی کورد لە هی ئینگلیز جیایە، کورد بە زگماکی ئەو یاسایانە فێر دەبێت و ریساکانی بنەزمانیی کوردیی لەو زمانکارییە ماکییە ناوکییەی مرۆڤی کورد وەردەگیرێت .